## ئایا دەرمانی شەکرە دەبێتە هۆی دابەزاندنی کێش؟



مێتفۆرمین بۆ دابەزاندنی کێش بابەتێکی جێی مشتومڕە لە کۆمەڵگەی پزیشکیدا و سەرەتا دەبێت بزانیت کە مێتفۆرمین یەکەم دەرمانە کە پزیشکی شەکرە و کۆئەندامی ناوخۆ بۆ نەخۆش دەنووسێت.

قەڵەوی یان کێشی زۆر یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکان کە مەترسی تووشبوون بە شەکرەی جۆری دووەم زیاد دەکات کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی شەکری خوێن لە ئەنجامی کەمی دەردانی ئەنسۆلین.

تیمێکی توێژەرانی زانکۆی موناش توێژینەوەیەکی نوێیان ئەنجامدا کە کاریگەریی یەکێک لە دەرمانە باوەکان لە چارەسەری نەخۆشیی شەکرە لەسەر ئەو کەسانەی بەدەست هەوکردنی جومگەکان و زیادبوونی کێش یان قەڵەوییەوە دەناڵێنن.

بەپێی توێژینەوەکە، میتفۆرمین، کە بەشێوەیەکی گشتی بۆ چارەسەری نەخۆشیی شەکرە لە جۆری دووەم بەکاردێت، دەشێت یاریدەدەر بێت لە کەمکردنەوەی ئازاری ئەژنۆ بەهۆکاری لاوازیی ئێسک لای ئەو کەسانەی بەدەست زیادبوونی کێش یان یان قەڵەوییەوە دەناڵێنن، ئەمەش پێویستیی نەشتەرگەریی گۆڕینی جومگەی ئەژنۆ دوادەخات.

توێژینەوەکە 107 بەشداربووی لەخۆگرت، 73 ئافرەت و 34 پیاو بە ناوەندی تەمەنی 60 ساڵ، کە رۆژانە دوو هەزار میلیگرام میتفۆڕمین-یان پێدرا بۆ ماوەی شەش مانگ. ئەم کۆمەڵەیە بەراورد بە کۆمەڵەیەکی دیکە کران کە دەرمانی وەهمیان پێدرا.

توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی ئەو نەخۆشانەی میتفۆڕمین-یان خواردووە باسیان لە کەمبوونەوەی ئازارەکەیان کردووە بە بڕی 31.3 خاڵ لە پێوەری 0 تا 100، بەراورد بە 18.9 خاڵ لەو کۆمەڵەیەی دەرمانی وەهمیان پێدرا.

ئەنجامەکەش دووپاتیدەکاتەوە کە میتفۆڕمین دەشێت دەرمانێکی کاریگەر بێت لە کەمکردنەوەی ئەو جۆرەی ئازاری ئەژنۆ کە بەهۆی لاوازیی ئێسکەوە روودەدات.